**پەرلەمانی کوردستان - عێراق**
**سەرۆکایەتی دیوان**
**بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پەرلەمان و لیژنەکان**
**لیژنەی کاروباری یاسایی**

**برلمان كوردستان - العراق**
**رئاسة الديوان**
**مديرية شؤون البرلمان واللجان**
**لجنة الشؤون القانونية**

**Kurdistan Parliament – Iraq**


**ژمارە:** ١١٤

**بەروار:** ٥ / ١١ / ٢٠١٩

١٨٣٧
٦/١١/٦

## بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان

## بابەت/ ڕاپۆرتی لیژنە

لیژنەی ( **کاروباری یاسایی** ) ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی (**٢٠١٩/١١/٥**) کاتژمێر (**١١:٠٠**) کۆبوونەوەی خۆی ئەنجامدا سەبارەت بە پێشکەشکردنی پێشنیازە یاسایەکی نوێ بە ناونیشانی **(یاسای بەرەنگاربوونەوەی بە قاچاغ بردنی نەوت و لێدەرهێنراوەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق** ) لەبەر ڕۆشنایی :

١- نووسراومان ژمارە (**١٠٧**) لە ڕێکەوتی **٢٠١٩/١٠/١٧** کە لە برگەی (چوارەم) پێشنیازمان کردبوو کە (**پێشنیازی یاسای بەرکارکردن و هەمواری یاسای بەرەنگاربوونەوەی بە قاچاغ بردنی نەوت و بەربوومەکانی ژمارە (٤١) ی ساڵی ٢٠٠٨**) بەرکارنەکەین لە پەرلەمانی کوردستان و لەبەر پێویستی ئەم پێشنیازە یاسایە بۆ واقعی هەرێمی کوردستان پێمان باشتربووکە لیژنەی یاسایی بە ڕێگای ئەندامانی پەرلەمانەوە لە ماوەی دوو هەفتەدا پێشنیازیکی نوێ دابرێژێت و پێشکەش سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانی بکات بۆ ئەوەی پەرلەمانی کوردستان ببێتە خاوەنی ئەم یاسایە .

٢- نووسراوتان ژمارە (**ك ١١٣٣**) لە ڕێکەوتی **٢٠١٩/١٠/٢١** کە وەڵامی پەسەندتان بەخشی بە داڕشتنی پێشنیازی یاسای نوێ .

بەڕێز سکرتێری پەرلەمان

لەبەر ڕەچاوکردنی فەرمانی بەڕێزتان لەسەر پێشنیازی یاسای (بەرەنگاربوونەوەی بە قاچاغ بردنی نەوت و لێدەرهێنراوەکان لە هەرێمی کوردستان .

٣-راسته مانگی یەکەمی ئەم وەرزی یاسادانان کۆتای هاتووە بۆ پێشکەش کردنی پێشنیازی یاسا و بڕیار بەڵام لەبەر گرنگی و پێویستی ئەم پێشنیازە یاسایە بۆ واقیعی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان و پاراستنی ئابور و بەرهەمە نەوتییەکان و سامانە سروشتییە وگشتیەکانی هەرێمی کوردستان.

و بە پێی ئەو دەسەڵاتانەی ماددەی (٨٢) لە پەرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان بە بەڕێزتان داوە تکایە هەڵسەنگاندن بۆ گرنگی ئەم پێشنیازە یاسایە بکەن و رەزامەندی بفەرموون بۆ ئەوەی بخرێتە بەرنامەی کاری دانشتنی پەرلەمان و خوێندنەوەی یەکەمی بۆ بکرێت.

٤- هاوپێچ لەگەڵ ئەم راپۆرتە نوسخەیەك لە پێشنیازی یاسایی (**پێشنیازی یاسای بەرەنگاربوونەوەی بە قاچاغ بردنی نەوت و لێدەرهێنراوەکانی لە هەرێمی کوردستان ـــ عێراق**) کە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە.

**بژار خالد کۆچەر**
**سەرۆکی لیژنەی یاسایی**

چ/ هۆشیار

ژمارە:    /    /

بەروار:    /    / ٢٠١٩

## بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان

## بابەت/ پێشنیازی یاسا

سڵاو ڕیزمان...

ئێمە ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، کە لە خوارەوە واژومان کردووە داواکارین پێشنیازی یاسا (**بەرەنگاربوونەوەی بە قاچاغ بردنی نەوت و لێدەرهێنراوەکان لە هەرێمی کوردستان ــ عێراق**) بخرێتە بەرنامەی کاری پەرلەمانەوە و خوێندنەوەی بۆ بکرێت.

لەگەڵ ڕێزماندا...

| ژ | ناوی پەرلەمانتار | واژوو |
|---|---|---|
| ١ | بژار خالد عبدالله گوهر | |
| ٢ | عباس فتاح صالح | |
| ٣ | جلال محمد أمين احمد | |
| ٤ | روژان محمد كريم | |
| ٥ | سالار عبدالله حسن | |

| | | |
|---|---|---|
| ٦ | خدیجه محمد طه | |
| ٧ | نگار رشید حسین محمد | |
| ٨ | روبینه اویلماز عزیز | |
| ٩ | سارا دلشاد بکر | |
| ١٠ | کاوه عبدالقادر حسن | |
| ١١ | رووناك احمد رحمان | |
| ١٢ | | |
| ١٣ | | |
| ١٤ | | |
| ١٥ | | |
| ١٦ | | |
| ١٧ | | |
| ١٨ | | |
| ١٩ | | |
| ٢٠ | | |

# پێشنیازی یاسای بەرەنگاربوونەوەی بە قاچاغ بردنی نەوت و لێدەرهێنراوەکانی لە هەرێمی کوردستان ــ عێراق

**ماددەی (١) : مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە :**

**یەکەم: وەزارەت:** وەزارەتی سامانە سروشتییەکان.

**دووەم: هۆکارەکانی گواستنەوە:** ئەو بارهەڵگر و بەلەم و ئامرازە وشکانی و ئاویانە دەگرێتەوە کە بۆ گواستنەوەی مرۆڤ یان کەلوپەل بە کاردێت.

**سێیەم: دادگا:** دادگای گومرگی لە هەرێمی کوردستان.

**چوارەم: نەوت:** هەر هیدرۆکاربۆناتێکی سروشتی یان هەر هیدرۆکاربۆناتێکی تێکەڵاوی سروشتییە لە دۆخی گازی یان شلی بێت.

**پێنجەم: لێدەرهێنراوەکانی نەوت:** بەنزینی ئۆتۆمبێل (گازۆلین)، زەیتی گاز، زەیتی بزوێنەر و گریس بە هەموو جۆرەکانیەوە، گازی شل (غازی چێشت لێنان) نەوتی سپی(کیروسین)، قیر،نەوتی رەش، نەفتا(نفثة) دەگرێتەوە.

**شەشەم: بە قاچاغ بردنی نەوت و لێدەرهێنراوەکانی:** بەکارهێنانی رێوشوینی نارەوا و بەدەر لە یاسایە، بۆ بردنی نەوت و لێدەرهێنراوەکانی ، یان بردنی رێژەیەك لە بەرهەمە نەوتییە تەرخانکراوەکان بۆ فەرمانگە حکومی و ناحکومیەکان، وفرۆشتنیان بە تۆڕەکانی بە قاچاغ بردن بە مەبەستی هەناردەکردنیان بۆ دەرەوەی هەرێم یان خستنە بازاڕی رەشەوە ، یان زیادکردن

وكەمكردنی ئەو برِانەی هاوردە یان هەناردەكراون بە شێوەی كردارەكی یان تەنها لەسەر پسوولە نووسراوە.

**ماددەی (٢) :**

**یەكەم:** گۆرانكاریكردن لە تانكی سووتەمەنی هۆكارەكانی گواستنەوە بە مەبەستی بەقاچاغ بردن قەدەغەیە ، ئەگەر گۆرانكاریەكە ببێتە هۆی زیادكردنی توانایی لە خۆ گرتنی سوتەمەنی زیاتر لەو رێژەیەی كە لە بنەرەتدا بۆی دیزاین كراوە.

**دووەم:** رێگە بە هاتنە ژوورەوەی هۆكارەكانی گواستنەوەی بیانی یان هاوردەكراو ، كە حوكمی برِگەی (یەكەم) ی ئەم ماددەیان لەسەر جێبەجێ دەبێت، نادرێت.

**سێیەم:** رێگە بە هیچ هۆكارێكی گواستنەوە نادرێت نەوت و لێدەرهێنراوەكانی بار بكات ، تەنها بەرِێپێدانی فەرمی وەزراەت و بە پێی ئەو نمونانە نەبێت كە وەزارەت ئامادەیان دەكات.

**ماددەی (٣) :**

**یەكەم:** كەسی تۆمەتبار بە ئەنجام دانی تاوانی بە قاچاغ بردنی نەوت و لێدەرهێنراوەكانی، جا چ شوفێری هۆكارەكانی گواستنەوە بێت یان ئەوانەی لە تاوانەكەدا لەگەڵیدا بەشدارن دەبرێنە بەردەم دادگا بو گرتنەبەری رێو شوێنی دادبینیكردن.

**دووەم:** تۆمەتباری دەستگیركراو بەپێی حوكمەكانی ئەم یاسایە ، لە قۆناغەكانی لێكوڵینەوە و دادگاییكردندا ئازاد ناكرێن ، تا دەرچوونی حوكمی كوتایی و بنبرِ لە لایەن دادگاوە.

**سێیەم:** دادگا بە شێوەی بە پەلە لەو داوایانە دەڕوانێت کە بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە ئاڕاستەی دەکرێت.

**ماددەی (٤) :**

**یەکەم:** هەر کەسێك سەرپێچی حوکمەکانی ماددەکانی (١)، (٢) ی ئەم یاسایە بکات، بە بەندکردن لە ساڵێك کەمتر نەبێت یان زیندانیکردن، وپێبژاردنی (٤) چوار هێندەی بەهای کەرەستە بە قاچاغ براوەکە سزا دەدرێت ، جا چ بکەری سەرەکی یان هاوبەش بێت لە ئەنجامدانی تاوانەکە.

**دووەم:** لە بارودۆخی جەنگ و باری تەنگەتاوی و ڕوودانی قەیرانی سووتەمەنیدا، ئەنجامدانی ئەم تاوانە بە باری توندکراو هەژماردەکرێت.

**ماددەی (٥) :**

**یەکەم:** هۆکاری گواستنەوە و کەرەستە بارکراوەکەی کە لە ماددەی (٢) ی ئەم یاسایە ئاماژەی پێدراوە، دەستیان بەسەردا دەگیرێت ئەگەر لە ناو خاکی هەرێمی کوردستاندا بگیرێن.

**دووەم:** حوکمەکانی ئەم یاسایە لەسەر هەر هۆکارێکی گواستنەوە کە تاوانی بە قاچاغ بردنی نەوت و لێدەرهێنراوەکانی پێ ئەنجام بدرێت جێبەجێدەکرێت جا چ تۆمەتبار خۆی خاوەنی بێت یان بە کرێی گرتبێت.

**ماددەی (٦) :**

**یەکەم:** وەزارەتی دارایی ئەو هۆکاری گواستنەوانەی کە بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەستی بەسەردا دەگیرێت، لە زیادکردنێکی ئاشکرادا بە پێی حوکمەکانی یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی موڵکەکانی دەوڵەت ژمارە(٣٢) ی ساڵی (١٩٨٦) هەموارکراو ، دوای دەرچوونی حوکمی بنبڕ لە لایەن دادگاوە، دەفرۆشێت.

**دووەم:** هەواڵدەر و ئەو کەس و لایەنانەی هاوکاربوون لە ئاشکراکردن ودەستگیرکردنی هۆکاری گواستنەوەی بەکارهێنراو لە تاوانی بە قاچاغ بردنی نەوت ولێدەرهێنراوەکانی، لە دوای فروشتنی هۆکاری گواستنەوەکە بە بڕی (٢٥٪) ی نرخی فرۆشراوەکە پاداشت دەکرێن بە مەرجێك لە هیچ حاڵەتێکدا لە ( ١٥٠٠٠٠٠٠ ) پازدە ملیۆن دیناری عێراقی زیاتر نەبێت و ئەوەشی دەمێنێتەوە بۆ خەزێنەی گشتی هەرێم دەگەڕێنرێتەوە.

**سێیەم :**

١- دوای دەرچوونی حوکمی بێتاوانی تۆمەتبار ئەوا:

أ- هۆکاری گواستنەوە دەستەبەسەرداگیراوەکە بۆ خاوەنەکەی دەگەڕێنرێتەوە.

ب- بەهای کەرەستە بارکراوەکە بە هەمان نرخی فرۆشراو لە ڕێکەوتی دەست بەسەرداگرتنی، دەدرێتەوە خاوەنەکەی.

٢- وەزارەتی دارایی مافی رەفتارکردنی یاسایی بەو بارکراوە دەستبەسەرگیراوانەدا هەیە، کە (مواسەفاتی) هونەری وەزارەتی تێدا نییە و خاوەنەکەشی قەرەبووناکرێتەوە.

**چوارەم:** دەزگاکانی ئاسایش و هێزەکانی ناوخۆ و دەستەی گشتی گومرك ئەركی دەست بەسەرداگرتنی ئەو نەوت و لێدەرهێنراوانەی کە ئامادەکراون بۆ بە قاچاغ بردن لە لایەن تۆمەتبارانەوە ، و ڕاگیرکردنی هۆکاری گواستنەوەی بەکارهاتوو و ڕەوانەکردنی دۆسیەی تۆمەتبار بۆ دادگا، دەگرنە ئەستۆ.

**ماددەی ( ٧ ) :**

**یەکەم/** هەر کەسێك دامەزراوە نەوتیەکان، کە بینا، باڵەخانە، چاڵە نەوت، بۆڕی گواستنەوە، کۆگا و وێستگەکانی ئەمبارکردن لە خۆ دەگرن ، لە ڕێگەی تەقاندنەوە و کونکردن یان هەر کارێکی دیکە کە مەبەست لێی بە قاچاغ بردنی نەوت ولێدەرهێنراوەکانی بێت ، تێکبدات بە پێی حوکمەکانی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ژمارە (٣) ی ساڵی (٢٠٠٦) سزا دەدرێت.

**دووەم/** هەر کەسێك بە بەقاچاغ بردنی نەوت و لێدەرهێنراوەکانی لە ڕێگەی هۆکارە سەرەتاییەکانی گواستنەوە وە ئەنجام بدات، حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیگرێتەوە.

**سێیەم/** حوکمەکانی ئەم یاسایە ئەو کەسە سروشتی و مەعنەویانەش دەگرێتەوە کە بە کردارەکانی هەناردەکردن و هاوردەکردنی نادروست هەڵدەستن، و ئەوانەشی دەستکاری بڕیارەکانی هاوردەکردن و هەناردەکردن دەکەن بە زیاد و کەمکردن، و ئەوانەشی ئاسانکاریان بۆ دەکەن یان هاوبەشیانن .

**ماددەی ( ٨ ) :**

وەزیری دارایی بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزیری سامانە سروشتیەکان ڕێنمایی پێویست بۆ جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە دەردەکات.

**ماددەی (٩):**

کار بە هیچ دەقێکی یاسا یان بڕیارێك ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێت.

**ماددەی (١٠) :**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی دەرچوواندنیەوە جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وقایعی کوردستان) بڵاو دەبێتەوە.

**هۆیەکانی دەرچوواندن**

لەبەر ئەوەی بەقاچاغبردنی نەوت و لێدەرهێنراوەکانی لەو تاوانانەیە کە دەبێتە هۆی تێکدانی ئاسایشی ئابوری کوردستان ــ عێراق و، لە پێناو ڕێگەگرتن لە کار و کردەوەکانی قاچاغی و بەتاڵان بردنی نەوت و لێدەرهێنراوەکانی و، بەرەنگاربوونەوەی ئەم تاوانە و پاراستنی سامانی نەوت و سەپاندنی سزایەك کە گونجاوبێت لەگەڵ مەترسیداری ئەم تاوانە، ئەم یاسایە دەرچووێندرا.